# بەر لە مەغریب دەگەڕێمەوە لات



**سەرهەنگ خامۆش**

Xamosh_s@hotmail.com

لەبەردەم گڵپەی بزەیەکەوە

برژانگی پێلوی خەمەکانم دەسوتێن

سیمایان ڕەش هەڵدەگەڕێن

ڕۆحم دەبێتە ژیلەمۆ

چاوەکانیشم

نوری تەنیاییان لێ دەباری

هەگبەی سەفەرم

پڕە لە خەرمانەی عیشق

پڕیشە لە سۆزی ئازارەکانی دوریت

نینۆکەکانم

چرنوك لە ئاوێنە شکاوەکانی تەمەنم دەگرن

ماڵئاوایی لەتەلیسمی تابلۆ تەڵخەکان دەکەن

کە سەفەریش

بەزەردترین تولە ڕێگا تێدەپەڕێ

خەزان دەرگای والاَ دەبێ

خاکیش کۆڵێ فرمێسکی ئاڵتونی

لەباوەش دەگرێ

دەزانی ئێمە لە ڕووخساری پاکی ئەوین
بێ دەنگیمان خوێندەوە
تا ئێستا
لە یەقینترین جورئەتی شەو نەگەیشتوین
شەو نزای بۆ ئازارەکانمان ڕاخست
بۆ ئەوەی جەستەمان
بە ئەفسونی ئەم عەشقە گەرم بکەینەوە
بەڵام ئەفسوس
ئەوسات ژوان یاخی بوبو لێمان
ئاسمان باوەشی تەژی بوو بوو لە تەم
هەورە گرینۆکەکانیش
لیویان بۆ دەمی با کردبۆوە..
وا خەریکە زەمەن
تاڵە فژە سپیەکانی تەمەنم
بە ئەزەل دەسپێرێ
گەنجێتیشم لەباوەشی پیری دا
دادەچۆڕێ..
کەچی تۆش تائێستا
خەون بەمیزەڵانێکی
نێو یاریگای منداڵیەوە دەبینی
زمانی شیعرم گۆڕاوە
وا خەریکە
لە ئاسمانی نیگەرانی دەپاڕێمەوە
ئەزەل پەنجەی
لەسەر دوا پیتی وشەی

چارەنوسی ئەوین داناوە

کاتێ وشەیەکیش

چۆك بەشاعیرێك دادێنێ

عیشق دەمرێ

شیعریش هەر لەخۆیەوە نەمر دەبێ

بەناسکترین هەڵوێست بۆت دەدوێم

بۆ ئەوەی هەرنا

وەنەوزەکانی ژێر سێبەری عەشق

باوەش بۆ نزاکانمان بکەنەوە

لە(ئاو) دەپاڕێمەوە

سەرێ لە بەندەری دوریت بدا

بۆئەوەی پەیامی قوڵترین هەناسەم

بەژێر تونێلەکانی جوانیت تێ پەڕێ

لەسەر سەکۆی چاوەڕوانی

هەراسان مەبە

بەرلەمەغریب دەگەڕێمەوە لات

بەلاَم زۆر دەترسم ئەمجارەیان

زەمەن دەرگای هاتنەوەم لێ دابخا

سەفەر بەرەو

مەملەکەتی فەنابونم ببا...!!!!!